# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA

**31 Maart. 2019 No. [39]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

دیداری شیعری بۆ مەوجود سامانی شاعیر لە ئەمستردام– شوان عوسمان... ل 1

چاوخشاندێک بە چەند ژمارەیەکی تاراوگەدا.... نوری کەریم/ ئەڵەمانیا.. ل 2، ل 4، ل 5 و6 بەشی یەکەم.

ڕۆمانی ئەسپەرەی عومەر سەید لیدوانی دەوەن مەعرووف، کتێبێکی ئالان دەبۆتۆن، نوسەری بەریتانیی نوسیویەتی و سەلاح حەسەن پاڵەوان لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.. ل 3

چالاکییەکانی ڕێکخراوە کوردییەکانی تاراوگە .. ل 7

هونەرمەندی شێوەکاری
کورد سوعاد ستار...ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

31 Maart 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl
39 ژمارە
31 مارتی 2019

# دیدارێکی شیعری بۆ (مەوجود سامان)ی شاعیر لە ئەمستردام





لە دەستپێکی وەرزی نوێی چالاکییەکانی یانەی کوردیی "میدیــا" و لە یادی 30 ساڵەی دامەزراندنیدا، ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 30-03-2019 بۆ یەکێک لەو کەسایەتیە چالاک و دیارانەی، کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەوە کاری سەرەکی و جدییان تێدا کردووە، دیدارێکی شیعری نوسەر و شاعیر مامۆستا (مەوجود سامان) ڕێکخست. مەوجود سامان ساڵی ١٩٥٧ لە هەولێر لە دایک بووە خوێندنی زانکۆی لە وڵات تەواو کردووە و لە هۆڵەنداش ماجستێری لە کۆمەڵایەتیدا وەرگرتووە. پاش پرۆسەی ئازادی عێراق، گەڕاوەتەوە بۆ وڵات و بووە مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین، مەوجود لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی "میدیــا"ەوە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەمستردام، ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرکردنی گۆڤاری "میدیــا" و پاشان گۆڤاری (کاروان)دا لە هەولێر بینیووە. سکرتێری نوسینی ئەو گۆڤارە بووە، لە شاخیش چەند دیوانێکی شیعری بڵاوکردۆتەوە، لەم ئێوارەیە دیدارەدا بە تایبەت بانگێشت کرابوو تا ڕووبەڕوو لەگەڵ ئامادەبوواندا باسی ئەزموونی ڕابردووی خۆی بۆ کردن. چەندین پارچە شیعری کۆن و نوێی بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش گفتوگۆیەکی جدییان لەگەڵ مامۆستا (مەجود سامان)دا ئەنجامدا. ساڵی ١٩٨٦ دیوانی شیعری (پەڕینەوە) و ساڵی ١٩٨٧ دیوانی (هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکات)ی لە شاخ چاپکردووە. ساڵی ١٩٨٨ دیوانی (فرمێسکی بەرد)ی لە دیمەشق چاپکردووە. لە هۆڵەنداش ئەم دیوانە شیعریانەی چاپکردووە، (دۆنای دۆن)، (پەرت بوون) و فرمێسکی بەرد، هەروەها لە هەولێریش چاپکراونەتەوە، جگەلەوە سەدان گوتار و شیعر و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە دووتۆیی کتێبدا بڵاونەکراونەتەوە.

# یاخیبوونیش پیاوی گەرەکە..!

شوان عوسمان

پیاوێک لە یاخی بوون، یاخی بوونێک لە پیاوەتی کۆمەڵگایەکی پیاو، پیاوەکان وەکو بەرد لەسەر لمن، لمیک هەمیشە لە بن پێیان دەڕوا و خۆی ڕاناگرێت و دەستەمۆ دەبێت، بەڵام ئەو نازانێت دەستەمۆ بوون چیە، لەبەردەم یاخیبوونیش چ شتێک هەیە دەستەمۆی بکات، کە ئەو تام لە یاخیبوون بکاتەوە، ئەو لە ڕوانینێکی دیکەوە گەورەیی دەستەمۆ دەکات و بوون و نەبوونی پیاو، گەورەبوونێکی دیکە دەبینێتەوە.. گەورەیی بۆ کەسی بە باڵا گەورەیی نیە، کەسی بە بەرەبەباب باڵایی خۆی نیە و پارەو پول و دەسەڵاتیش کەسانی گچکە گەورە ناکەن، کە خۆی بە عەقڵ گەورە نەبێت مەزن بوون، بە ڕیش نیە بە ئیشە، کار وکردای جوان و چاک مرۆ جوان دەکات.. (مەوجەد سامان) ئەو پیاوەی عەیامێکە بە جوانکردنی خۆیەوە خەریکە، ئەگەر لەسەر لێدەرکردن و لابردنی لەتەکانی خودی خۆیشی بێت، دەست لە گەورەیی خۆی هەڵناگرێ، ئەو بایی ئەوەندە بۆتە قوربانی، کە ئێستا خۆی بە تەنیا بزانێت و بگەڕێتەوە بۆ مەنفایەکی غەریب، بۆیە بە یاخیبووی دەزانم نەک ڕوخاو و بەزیو.. بەزیو ئەوەیە تا بمرێت بەرەوام بێت لە ماستاو کردن و ملشکاندنی براکان و برادەرانی، ئەوەی گەورەیی ئەو هەرێمە ڕەت دەکاتەوە لای من گەورەیە، من هەموو یاخیبوونێکم خۆشدەوێت، بەتایبەتی ئەگەر بۆ جوانکردن و بە مرۆ بوون بێت نەک کاول کردن و ملشکاندن.. من نازانم ئەو دوێنێ چۆن بوو پێرار کو بوو، من ئەوەندە دەزانم دوینێکە ئەگەر لەگەڵ بای کەشتیەکانی پیاوە لە لمەکان ڕێی کرد بایە ئێستا لە لم بوو، نەک لێرە منیش نەمدەتوانی شتێکی لەسەر بنوسم.. من لەبەردەم ئادەمیزادێکی یاخی و پڕ لە گوتەی جوان و شیعری ناسک و ئەزمونی گەورە ببوومەوە پیاویک گەورەیی لێ دەڕژا، لە ماڵێکی گەورەش، گەورە ببوو لەبەر گەورەیی خۆیش دەستی لە گەورەیی ئەوان هەڵگرت بوو، گەورەییەک لە لمە و دوایی دێ بنی لە پارەیە و کۆتایی دێ لە پلەی بندەستی پلەدارێکە و ناتوانێت باز بدات ئەویش دەمرێت و دوایی دێ.. بۆیە بازی بەسەر ئەو هەموو بە گەورەبوونە کارتۆنیانە داوە... ئەوەی دوایی نایەت وشەیە و قسەی گەورە، کە لە پێناو گەوەرەیی مرۆڤدا دەژیت، نەک لە پێناو گەورەیی خۆی.. سڵاو لە کاکە (مەوجەد سامان) لە هەست و نەستەکانی، کە من لەوێووە، لە کۆڕێکی ئەدەبی دوینێ لە (ئەمستردام) ٢٠١٩/٣/٣٠، کە لە لایەن "میدیــا"ی ئەمستردام ڕێکخرا بوو، خۆشم ویست، من بە پیاوێکی گەورەی دەزانم و بژی پیاوی گەورە..! دەستی هەڵسوڕاوانی "میدیــا"ش خۆش بێت..

# چاوخشاندێك به چەند ژمارەیەكی تاراوگەدا.... نوری كەریم/ ئەڵەمانیا







نوسەری بەڕێز و ئازیزمان مامۆستا (نوری کەریم)، خاوەنی سێ بەرگی کتێبی (پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد) و کۆمەڵێک کتێبی دیکە لە بواری مێژوودا، زەحمەتێکی زۆری کێشاوە و لە ئەڵمانیاوە خوێندنەوەیەکی وردی لە ژمارە 1 ی تاراوگەوە بۆ ژمارە 9 ی کردووە و کۆمەڵێک سەرنج و تێبینیی بە نرخی دەربڕیووە، ئێمە وامان بەباشزانی، لێرەوە سەرجەمی نوسینەکەی بڵاوبکەینەوە، ئێستە هەندێ بڕگە لە نوسینەکەی بەبێ دەستکاری وەردەگرین. مامۆستا نوری کەریم دەفەرموێ: دەمێک بو دەمویست بەچاوی سەرنج و تێڕامانەوە ژمارەکانی بڵاوکراوەی (تاراوگە) بخوێنمەوە، بەڵام وەک زۆرێک لە خوێنەران نێوانم لەگەڵ خوێندنەوەی بڵاوکراوە ئەلیکترۆنی یەکاندا نییە، بەڵام وا زۆر لەخۆم دەکەم و لە یەکەمین ژمارەی (تاراوگە)وە، کە لە مانگی حوزەیرانی 2018 ەوە لە شاری ئەمستەردام– هۆڵەندا لەلایەن ڕێکخراوی (کوردمیدیا)١ وە، کە لە2013/11/11 ٢ ەوە، وەک ڕێکخراوێکی مەدەنیی مۆڵەتی کارکردنی پێدراوە، بەشێوەی چاپی ئەلەکترۆنیی و بەسەرپەرشتیی و سەرنوسەرایەتیی هاوڕێی ئازیز کاک سەردار فەتاح چاپ و پەخش دەکرێت. بەر لەوە چاوێک بە یەکەمین ژمارەدا بگێرم، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم بڵاوکراوەیە بیرۆکەو دەستپێشخەریی و ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی (سەردار فەتاح)ە، کە هەرخۆدی خۆشی سەرنوسەرە و تەنیاباڵ و بەدەم کاری ڕۆژانەو دابینکردنی بژێوی ژیان و ئەرکەکانی خێزان و منداڵەوە شانی داوەتە بەر پڕۆژەیەکی وەها قورس کە ئەگەر ئەشقی وشە و هۆگربون بە خوێندنەوە و خۆشەویستیی گەل ونیشتیمان لەئارادانەبێت، کاری نەکردەیە و بەتەنها کەسێک هەڵناسوڕێت، بەڵام ئەم پیاوە بەهیمەت و لە خۆبوردن و بێ دودڵی، یەکەمین هەنگاوی هەڵهیناو هەنگاوەکانیشی گورج و گورجتر دەکرد و لەماوەیەکی کورتی شەش مانگیدا لە حوزەیرانی 2018ـ کۆتایی 2018 توانیویەتی 27 ژمارەی تاراوگە بخاتە بەر دیدی خوێنەران.

دوەمینساڵیش سەرکەوتوتر بەڕێدەکات لەروی دیزاین و ناوەڕۆک و گرنگیی بابەتەکانەوە و هەتا ئەمڕو(2019/3/1) ژمارە (34)ی یاڵی دوەمیشی وەک ژمارەیەکی تایبەت بۆ کۆچیدوایی خەباتکاری دێرین ونوسەرو هۆنەر و فەرهەنگساز مامۆستامستەفا سلێمان عەبدوڵلا1938/11/16ـ2019/.2/27تەرخانکردووە.مامۆستامستەفا سلێمان وەک مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت لە بیرەوەری یەکانیدا نوسیوێتی دەستەی دامەزرێنەر ویەکەمین سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ـ عێراق بو.دواتریش کەبۆتە ئەفسەر هاوکارێکی دڵسۆزی مامۆستا جەمال نەبەز بووە و هەفتەی چەند جارێک لە بەغداوە بەشێوەیەکی هونەری زۆر ژیرانە ئەو هەواڵانەی بۆ ناردۆتە سویسرا،کە مامۆستا نەبەز لەبیرەوەری یەکانیدا دەڵێت(مسستەفا سلێمان لەگەڵ هێندێک لە ئەفسەرانی بەغدا دان و ستاندنی هەبوو،شتی وای دەزانی کە کەم کەس ئاگایان لێی بوو،ئەم دەنگوباسانەش بە هیچ کەسێکی تر نەدەگەیشتن.)ئەمە جگە لەوەی مامۆستا مستەفا سلێمان ئەندازیار و ڕەنگڕێژی دامەزراندنی کارگەی شەکری سلێمانی بو.. ئەوەی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە خەباتکار و نوسەر و هۆنەرێکی بەتواناو هەستناسک بو وەک پێشمەرگەی ون ونەناسراو مایەوە؟ ئێستا وەک بەشداری یەک بۆ پشتگیریی وپتر بەرچاوخستنی تاراوگە،چاوێک بە ژمارەکاندا دەگێرم و هەربابەتێک جێگەی سەرنج بیت هەڵوێستەیەکی لەسەر دەکەم و بە ئەرێنی یا نەرێنی (پۆزەتیڤ یا نەگەتیڤ) راوبۆچونێکی لەمەڕ دەخەمە بەرچاو سەرنوسەری تاراوگە و خوێنەرانی تاراوگە و ئینجا نوسەرانی بابەتەکان، چونکە مەبەستم رەخنەگرتن نییە لە خودی نوسەر، بەڵکو هاوکاریکردنی سەرنوسەر و بەرچاورونیی خوێنەران و ئینجا نوسەرانی بابەتەکانە لەپێناوکەڵک وەرگرتن لەیەکدیی و لەیەکترەوە فێربون،گەشەکردنی نوسین بە زمانی کوردیی و(شارەزابونی زۆرتر) لە نوسینی دروست لەڕۆی زمان، رێزمان، رێنوس،رێزمان و خاڵبەندیی و دانانی نیشانەکانی خاڵ،وێرگول،نیشانەی پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان،دوخاڵی تەنیشت یەکتر ..(تەنهادوخاڵ نەک پتر)،دوخال لەسەر یەک(:)دانانیان بەشێوەیەکی دروست لەزمانێکی رەواندا ئاوێتەبن، نوسەرانی بابەتەکانیش پێداچونەوەیەک بە نوسینەکانیاندا بکەن و دوای ماوەیەک هەست بکەن چەند پێشکەوتون و لەکوێوە گەیشتونەتە کوێ و هیوای بەردەوامیی و پێشکەوتن بۆ هەمویان دەخوازم.دواتریش چەند نمونەیەک لەسەرچەند لایەنێکی رینوسی نادروست دەخەمە بەرچاو، کە بەزۆری هەڵەیان تێدادەکەین. لەبارەی خودی(تاراوگە)شەوە،ژمارەکانی 1 ـ8 وەک قۆناغی سەرەتا و دانانی بەردی بناغەو دەست و پەنجە نەرمکردن دەبینم لەگەڵ کاری چاپەمەنیدا کەزۆر جیاوازە لە کاری رۆژنامەگەریی و وەک دەزانیین ئێمەی کورد بۆ یەکەمین جار لە مێژودا لە دوای راپەڕینەوە (رۆژنامە)مان هەیە و پێشتر وەرزنامە، مانگنامەو هەفتەنامەمان هەبو. دوا سەرنجیش بریا تاراوگە کۆنترۆڵێکی بابەتەکانی بکردای بەر لە بڵاوکردنەوەیان و لەپاڵ رۆژ و ساڵی عیسایی دا(زایین)، لەبەرایی یەکەمین لاپەڕەدا، رۆژ ومانگ و ساڵی کوردیش دادەنرا بەو هیوایەی وردە وردە ناوی مانگە کوردی یەکان بکەوێتە سەرزمان و بەکاریانبهێنین. بەرلەوەی بە ژمارەکانیشدا بگەڕێم جەخت لەوەدەکەمەوە کە سەرنجەکان رەخنەنین و بۆ رێنمایی و بەرچاورونیی ولەیەکدی یەوە فێربونە. هەربەوهۆیەوەش هەندێک جار راستەوخۆ لەسەر بابەتەکەو هەندێک جاریش سەرنجەکانم بەشێوەیەکی گشتیی دەربڕیوە بۆ ئەوەی نەبێتە رەخنەیەکی رەق و ئاڕاستەکراو بۆ نوسەرەکە..

ژمارە (1) حوزەیرانی 2018: گوتەی تاراوگە:(..بڵاوکراوەیەکی تایبەت و هەمەلایەنە سەبارەت بە..) هەر شتێک کە تایبەت بو، ناشێت هەمەلایەنەش بێت هەندی جار بەزمانەکانی دیکەی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتەکانیاندا ژیاون..) بەزمانی ئەو گەلانەی کە کۆچبەرانی کورد لە وڵاتەکانیاندا ژیاون ..) .بڕوانە ل 4

---

زۆر سوپاس بۆ مۆستا (نوری کەریم)، کە ئاوا کاتی خۆی تەرخان کردووە و بە وردی چاوی بە تاراوگەدا خشاندووە، ئێمە لێرەدا نوسینەکەی بەبێ هێچ دەستکارییەک وەک خۆی دەخەینەڕوو، بەڵام بەداوی لێبووردنەوە، لێرەدا تەنها بۆ ئەو چەند وشەیە، دوو ڕاستکردنەوەی بۆ دەکەم:

١– بڵاوکراوەی تاراوگە لەلایەن (یانەی کوردیی "میدیــا"وە لە هۆڵەندا) دەرناچێت.

٢– ناوی ڕێکخراوەکەش ڕێکخراوی (کوردمیدیا)نییە، ناوی یانەی کوردیی میدــا"یە لە هۆڵەندا، لە ساڵی ١٩٨٩ ەوە، لە ئەمستردام دامەزراوە، نەک لە 2013/11/11 دا.

# ڕۆمانی ئەسپەرە)ی عومەر سەید)



پاش بازنە ڕاخراوەکانی بابل و سەرزەمینی زیکزیکە، عومەر سەید وەک نوسەرێکی بەسەلیقە و جدیی، بە بە ڕۆمانی (ئەسپەرە) دیتەوە لای خوێنەران.



دەوەم مەعرووف

ئەسپەرە ڕۆمانێکە باس لە تراژیدیای هۆلۆکۆستی کورد دەکات. بەجۆرێک زۆر بەجوانی "عومەر سەید"، هونەری گێڕانەوەی بەکارهێناوە. خوێنەر بەهیچ جۆرێک تووشی سەرلێشێوان نابێت. لەهەمووی جوانتر، ئەو زمانە کوردییە کە لەنێو ڕۆمانەکەدا بەکاری هێناوە، کەم نووسەر هەیە ڕاچاوی زمان و زمانەوانی بکات. بەڵام عومەر سید، زۆر بە ئاقڵانە توانیویەتی لەزەتی خوێندنەوە لەنێو ڕۆمانەکەیدا بخولقێنێ. ئافەرینی لێ دەکەم بۆ ئەم ڕۆمانە جوانە. هێشتا لەنێو چێژی ڕۆمانەکەدام و نەمتوانی ئەم چەند دێڕە نەنووسم، کورد گوتەنی: خەرمان زوو هەڵگیرێ باشترە! باقی لاپەڕەکانی دیی پاشان لێی دەدوێم. ئەسپەرە، سێ مانای هەیە، هەریەکەیان ماناو جەوهەری خۆی هەیە. کە لەم کورتە نووسینەدا ماناکان دەخەمە ڕوو.

١ – پارچە دارێکە دەخرێتە بەینی میچ و کۆڵەکەی خانوو، تا ئەوشوێنەی میچی دەکەوێتە سەر تۆزی پانتر بێت و قورسایی میچەکە دابەش ببێت. { تێبـ : وا دیارە ڕەچەڵەکی ئەم وشەیە (ئەسپارە) بێت و لە ( ئەسپاردن) داتاشرابێت و ژابا: (ئەسپارەبووین) ئاوەها لێکدەداتەوە، پاڵ دانەوە بە سەر کەسێکدا، یان کۆمەک و پشتیوانی کردنی یەکێک. هەڵپەساردنی شتێک بە شتێکی ترەوە. هێز و زۆر خستنە سەر شتێک.

٢ – ئەسپەرە، ڕوەکێکی خۆڕستە لە تیرەی "گوڵسوورەکان" لاسکی بەڕەزە و گوڵە چەرموو، یان کرێمی ڕەنگ دەگرێ و لە تەنیشت ئاو و کانیاو و شوێنی تەڕدا دەڕوێ. گەڵاکانی پان و پەل پەلە و ددانەدارن.بەرەکەی هەر یەکە و تۆوێکی تێدایە. ئەم ڕووەکە هەر لە قەدیمەوە وەکوو دەرمان کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

٣ – پارچە دارێکە، ٢٠ سانتی مەتر درێژدەبێت و پێنج سانتی مەتر ئەستووردەبێت، پاش لێک و لووسکردن و تاشینی ڕوویەکی پان و ڕاست ولایەکەی تری لە ناوەڕاستدا ئەستوورە، ووردەووردە بە ڕاست و چەپدا تەنکدەبێتەوە، کونێکی خری تێدەکرێت و دەخرێتە سەر دەسەبێل و پێمەڕە، لەوەختی ئیشا قاچی دەخرێتە سەر تا پێمەڕەکە هاسانتر و خێراتر لە زەوی بچێتەخوار و ئەوەندەش پێویستی بەهێزی دەست نە بێت.

## سەڵاح حەسەن پاڵەوان

# کتێبێکی گرنگی ئالان دە بۆتن دەکات بە کوردی



ئایین بۆ بێئایینەکان" کتێبێکی نوێی دەزگای سەردەمە، کە ئالان دەبۆتۆن، فەیلەسووف و نووسەری بەریتانیی بە ئەسڵ سویسری نووسیویەتی و سەلاح حەسەن پاڵەوان لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.

لەڕێی ئەم کتێبەوە دە بۆتۆن دەیەوێت بۆمان شیبکاتەوە، کە ئەگەرچی بانگەشە و حوکمەکانی ئایین و ئەقیدە ڕوحانیەکان هەڵەن، بەڵام هێشتا لە هەندێک لایەندا دەشێت بەکەڵکی ژیان و کۆمەڵگای هاوچەرخمان بێن. ئەم کتێبە ڕوونیدەکاتەوە، کە لە کۆمەڵگایەکی سێکۆلار و هاوچەرخدا، چۆن دەکرێت سوود لە ئایین وەربگیرێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونییمان. "ئایین بۆ بێئایینەکان" هەوڵی دارشتنی جێگرەوەیەکی نوێیە، بۆ دیبەیتی دووردودرێژ و لەمێژینەی نێوان باوەڕدار و بێباوەڕان سەبارەت بە ئایین، هەوڵی دارشتنی ڕێگایەکە لەنێوان باوەڕهێنانی تەواو و ڕەدکردنەوەی تەواوی ئاییندا. چی دەبێت گەر ئایینەکان نە بە تەواوی هەڵە و نە بە تەواوی ڕاستیش بن؟ چی دەبێت گەر ئایین نە ئەو حەقیقەتە ڕەهایە بێت، کە باوەڕدارە فەندەمێنتالیستەکان بانگەشەی دەکەن و نە ئەو وەهمە ڕەهایەش بێت، کە بێباوەڕە فەندەمێنتالیستەکان دژایەتیی دەکەن؟ لەودیو هەریەک لەم دوو تێڕوانینەوە، دە بۆتۆن لەم کتێبەیدا، بە سوودوەرگرتن لە چەند فەیلەسووفێکی گرنگی وەک ئۆگەست کۆمت، ماتیۆ ئارنۆڵد و جۆن ستیوارت میل، ئەو وانە گرنگانە دەخاتە ڕوو، کە ئایین دەتوانێت فێرمان بکات؛ ئایین، کە لە دیدگای دە بۆتۆندا، ڕەها و بانسرووشتیی و خودایی نییە، بەڵام تەواو بێکەڵک و بێماناش نییە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە خۆئامادەکردنیدا، بۆ پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر، کە لە ڕێکەوتی ٣/٤/ ٢٠١٩ دا دەستپێدەکات، ئەم کتێبە گرنگە بڵاودەکاتەوە.

لە (ڕەخنەی چاودێر)ەوە

# بەر لە هەر سەرنجێك پێویستە بڵێین کە وشەی پێغەمبەر یا پەیامبەر وشەیەکی هەڵەو هەڵەیەکی بڵاویشە. پەیام هێنەر دروستە ،چونکە پەیامی یەزدانی نەبردووە بەڵکو هێناوێتی.

بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵە دەبینرێت لە بەکاربردنی پیتی (ی) کورت ودرێژدا، هەربۆنمونە: زمانی کوردی/یی ، کاریگەری/کاریگەریی، چالاکی/یی، زانیاری/یی،کاریگەری/یی،ململانێی حیزبی و لایەنداری/حیزبیی و لایەنداریی، هاوکاری/یی، بنەمای راستی/راستیی ..پیتی(و) ی کورت و(وو) ی درێژ، بەکارنەبردن یا بەکاربردنی هێماکانی خاڵبەندیی بەشێوەیەکی نادروست، هەربۆنمونە: .. ئاگاداری دەوروبەری خۆمان بین و نابێت ،( کۆمای ناوێت)لە دەورو بەرمان داببڕێین،(دەبێتەخاڵ(قادر عەبدوڵلای نوسەری ئەم رۆمانە ئەڵێ : هەرچەندە چیرۆکەکان و رووداوەکانی/روداوەکانی نێو ژیانی یا چیرۆکی(پێغەمبەر) لەسەر بنەمای راستی/یی مێژوویی/مێژویی رۆنراون،بەڵام دەکرێ هەرهەمووی/ هەرهەموی بە گوێرەی قانونەکانی ئەدەبیات بخوێندرێنەوە(خوێنەر لە واتای یاساکانی (قانونەکانی) ئەدەبیات بخوێنرێتەوە تێناگات،بەشبەحاڵی خۆم نازانم مەبەستی چییە.ماوەتەوە بڵێین،(کۆمای ناوێت)ئەم رۆمانە سەرنجراکێشەر (سەرنجڕاکێش)وجوان وەرگێردراوە،(کۆمای ناوێت). دەستی دەرەکی/یی یان کۆمەڵگەی پێشکەوتوو(پێشکەوتو) دوای ئەوەی سەرلەبەیانی رۆژی 5/7 مانگی رابوردو(دیارە مەبەستی2018) لە هامبورگ، خانمێکی پاسکیلسواری تەمەن 33 ساڵان،(،ناوێت)کەخاوەن دوو منداڵی تەمەن 7 ، 9 ساڵان بووە، بەروداوێکی هاتووچۆ(هاتوچۆ) ئەکەوێتە ژێر لۆرییەکەوە،(،ناوێت) هەر ئێوارەی هەمان رۆژ کۆمەڵێک پایسکلسوار(هەرچەند وشەکە بەزمانی ئینگلیزیی(بایسکل)ە،بەڵام پاسکیل بۆ زمانی کوردی گونجاوتترە) و هاوڵاتی،کە نزیکەی دوسەد کەس ئەبوون(ئەبون +،) وەک نارەزایەتی/یی و هاوخەمیی بۆ ئەو تراژیدیایە (+،) بەمشێوەیە لە شوێنی روداوەکە هەستی خۆیان دەربڕی،(.)کۆمەڵگەی هوشیار لەبەرامبەر هەر پێشهات و گۆڕانکارییەکدا،(،ناوێت) ئەبێ بەمجۆرە هەڵوێستی خۆی هەبێ، بەمەش کەس ناتوانێ پێی بلێت/ پێیبلێت دەستی دەرەکی/یی لە پشتە و ئەجندەی وڵاتێکی تر پەیڕەو ئەکات!!!

ژمارە (2) 11ی حوزەیران2018

تاراوگە بڵاوکراوەیەکە دەنگ و رەنگی(رەنگیی) هەموو(هەمو) کوردانی هۆڵەندایە،(،ناوێت)بەبێ جیاوازی/یی ئینتیمایی/ ئینتیمای سیاسی/یی و حیزبی/یی، هەموو زانیاری/یی و ئاگاداریەک/ئاگاداری یەک وبابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی/یی و رۆشنبیری/یی و هونەری/یی بڵاوئەکاتەوە،(خاڵ) لە ئێستادا بەشێوەی ئەلەکترۆنی/یی بڵاو ئەکرێتەوە.بەمجورە دروستە: تاراوگە بڵاوکراوەیەکە دەنگ و رەنگی هەمو کوردانی هۆڵەندایە بەبێ جیاوازیی ئینتیمای سیاسی و حیزبی، هەمو زانیاریی و ئاگاداریی وبابەت و هەواڵێکی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و هونەری بڵاوئەکاتەوە. لە ئێستادا بەشێوەی ئەلەکترۆنی بڵاو ئەکرێتەوە.

ئەوە راستە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان لە (نوسینی)کوردانی نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندان، بەلام هیچ بڵاوکراوەیەک و تەنانەت رۆژنامەیەکی رۆژانەش کە هەندێکیا بەیانیان و ئێوارانیش بڵاودەکرێنەوە، فەتوایەکی وەها بەربڵاو نادەن.تاراوگە ئەگەر بتوانێت ببێتە دەنگ و رەنگی بەشێکێش لە کوردانی نیشتەجێی هۆڵەندا،ئەوە بەدڵنیایی یەوە سەرکەوتووە و جێکەی خۆیی کردۆتەوە.دواتر(تاراوگە) دەڵێت(.. بێگومان ئاسان نییە بتوانین بەردەوامی(یی) بە بڵاوکردنەوەی تاراوگە بدەین،(،ناوێت) تا لەکات و ساتی خۆیدا دەربچێت و خواستەکانی زۆربەی کوردانی تاراوگەش بهێنێتەدی،(،ناوێت) ئەگەر ئێوە هاوکارمان نەبن ..) ئەوەی زۆر ئاشکرایە(تاراوگە) کات و ساتی دەرچونی جێگیر نییە،کاتیش مەوداکەی فراوانترە لە سات.

هەر لە ژمارە 2دا نوسراوە( تاراوگە بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵیی ناوبەناوە) بەڵام بەرەکەت دات فریای خوێندنەوەی ژمارەیەک ناکەوین،ژمارەیەکی نوێ دەڵێت سڵاو، میوان رادەگرن؟

ــ شیعری جوان :( هەن بە گوولە(گوللە)، هەن بە وشە، هەن بە ماچ ئەوانی دی دەکوژن. لەتیف هەڵمەت) هەتا ئێستا ئەو چەکە ئاشکرا نەبووە کە هۆنەری ناسراو لەتیف هەڵمەت ئاشکرای کردووە،بریا ناوی چەند قوربانی یەکی بخستایەتە پاڵی کە بە گوللەی ماچ کوژراون!

ــ ئامین، یەکەم فیلمی باڤل سەرهەنگ کە لە فیستیفاڵی کان 2018 نمایش کرا. ئامین تاکە وشەیە کە پاڵەوانی فیلمەکە دەریدەبڕێت. وەک باڤل دەڵێت ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم فیلمە بریتین لە سوهراب بایات(ئێرانیـ هۆڵەندی)، دڵبرین ئاکرەیی(کورد ـ هۆڵەندی)، مەحجوبین مووسا (مەغریبی ـ هۆڵەندی) و ئەنجام بەرزنجی(کورد ـ هۆڵەندی) ئەوە مایەی شانازی یە دو هونەرمەندی ئەکتەری سینەما لەگەڵ دوهونەرمەندی دیکەدا کە بەرەچەلەک یەکێکیان ئێرانیی و ئەویدیکەیان مەغریبی یە، نەک کورد ـ هۆڵندیی و ئێرانی ـ هۆڵەندیی و مەغریبی ـ هۆڵەندیی. ئەمە لەسەر کێشی ئەو سوکایەتی یەیە کە تورک کاتێک ناتوانێت کوردێک بەتورک پیشان بدات ، دەڵێت کورد ـ تورک ، ئەوەش هەمان واتای کوردی شاخاوی یە.قادر عەبدوڵلا دی نوسەری رۆمانەکە ئەڵێ: هەرچەندە چیرۆکەکان و رووداوەکانی نێو(پێغەمبەر) لەسەر بنەمای راستی/یی مێژوویی رۆنراون،بەڵام دەکرێ هەرهەمووی بەگوێرەی قانونەکانی ئەدەبیات بخوێندرێنەوە. لەکۆتاییشدا وەک هەڵسەنگاندنی رۆمانەکە نوسراوە( ماوەتەوە بڵێین،ئەم رۆمانە سەرنجراکیشەر و جوان وەرگێڕدراوە،شایانی ئەوەیە بخوێندرێتەوە، دەستخۆشی بۆ ئەم وەرگێڕانە جوانە.

ــ ( پەیامبەر رۆمانێکی دیکەیە لە رۆمانەکانی نوسەری ناسراوی هۆڵەندی/یی قادر عەبدوڵا ئەوە ناونیشانی رۆمانێکە لە رۆمانەکانی نوسەری ناسراوی هۆڵەندیی قادر عەبدوڵلا،ئەم نوسەرە بەرەگەز نوسەرێکی ئێرانییە/بەرەگەز ئێرانی یە و بەزمانی هۆڵەندی/یی ئەنوسێ).

بەر لە هەر سەرنجێک پێویستە بڵێین کە وشەی پێغەمبەر یا پەیامبەر وشەیەکی هەڵەو هەڵەیەکی بڵاویشە، پەیام هێنەر دروستە ،چونکە پەیامی یەزدانی نەبردووە بەڵکو هێناوێتی .

ــ ژمارە 2:گوتاری تاراوگە(وەک ژمارە بەراییەکانی تاقیکردنەوەی رۆژنامەوانی..) ژمارە بەراییەکان کۆیەو چەندین ژمارە دەگرێتەوە،بەڵام تاراوگە ئەمە دووەم ژمارەیەتی و تەنیا یەک ژمارەی لەپێشەوەیە !

ــ هۆنراوەیەکی بەسۆزی مامۆستا رەمزیی مەلا مارفی تێدایە، کە مامۆستا فەوزیی کوڕیان سەبوریی دڵی خۆی بەوە دەدات بۆکۆچی ناوادەی جوانەمەرگ شازاد صائیب).....دیزاینی کتێبەکە(+، )بازیان جەلال کێشاوێتی.

ـ (خوێندنگەی فێربوونی زمانی کوردی لەشاری ئارنێم بەسەرپەرشتی کاک نەبەز مستەفا ئەمین..تا ئێستا خاوەنی دوو مامۆستاو یاریدەدەرێکی مامۆستاین..) ئەو دەستپێشکاری یە هەنگاوێکی پیرۆزە و دەبێتە هاندەر بۆ شارەکانی دیکە و پێویستە بایەخی بدرێتێ و پشتگیری بکرێت.

بڕوانە ل 5

# (وشەی کۆچبەر..) بە مەزندەی من وشەی پەنابەر گونجاوترە لە کۆچبەر،(..کۆنترین ئاوارەبونیش سەرەتا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بووە) ئەگەر مەبەست لە سەردەمانی دەوڵەتەکانی عوسمانیی و سەفەوی بێت.

(هەردەم لە خەیاڵێکی ریالیستانەدا بووین.) خەیاڵ فەنتازیایە و نەک لە ریالیستەوە دورە بەڵکو پێچەوانەی یەکدیشن.

(ماڵی کوردیی لە ئارنهێم) بەمەزەندەی من ماڵی کورد گونجاوترە.

- مریشکە کونجە، نوسینی خۆشناو مەریوانی: وێنەیەکی خۆی لەپاڵ وێنەیەکی شەهیدی نەمر مامۆستا دڵشاد مەریوانی داناوە،کە دەبو(وەک دیزاین) وێنەکەی شەهیدی جوانەمەرگ دڵشادی شاعیر و نوسەر و هونەرمەند و خەباتکار لە ناواخنی نوسیینەکادا دابنرایە.

(..ناوبراو وەک زۆربەی ئەڵقە لە گوێکانی دەسەڵات، مولەقەب بوو بە(زەعیم)،82 قارەمانی میللەتی بەبێ دادگایکردن لە حامییەی ئەوسای سلێمانی زیندەبەچاڵ کرد.) تاوانبار زەعیم ێدیق فەرماندەی لیوای21ی سوپای عێراق،ئەڵقە لە گوێ نەبو، بەڵکو یەکێک بۆ لە کۆڵەکەکانی رژێمەکەی بەغدا.ئەڵقە لە گوێ و کاسەلێس بەوانە دەوترێت کە رۆڵە دڵسۆزەکانی وەک شەهید دڵشادیان کردە قوربانیی.

..)قوژبن نەما لەماڵەکەدا دەجار سەری پێدانەکەنەوە. ئەیگوت سەگی برسین)جگە لەوەی زیادەڕۆیی یە،کورد دەڵێت ئەتوت ێەگی برسین.

)مریشکە کونجەیەکمان هەبوو، لەسەر هێلکەکانی لە قوژبنێکی گەنجینەکەدا کڕکەوتبوو.) مریشکە کونجەیەکمان(مریشکێکی کونجمان) هەبوو، لە قوژبنێکی گەنجینەکەدا لەسەر هێلکەکانی کڕکەوتبو.

)هەموو جار ئەیگووت) هەمو جارێک ئەیوت،(قەڵەم باز) قەڵەمباز

- گۆران مەریوانی دو هۆنراوەی پڕلە وێنەی هونەریی و شیعریی نوسیوە،لەیەکەمیاندا بەنێونیشانی (بەخشین) دەڵێت: کە تۆ لێرە نەبیت،حەزدەکەم بچم بۆ جێیەکی دوور(دور) کەسی لێ نەبێت. دوەمیان بە نیونیشانی(ئەمجارە): ئەمجارە ئەگەر ماڵمان باریکرد، دەگوێزمەوە بۆ سەر ئەستێرەیەک، تاقەتم لە زەوی چووە،کەس حەزی لە بۆنی گوڵ نیە، کەس خوێندنی قومری بەلاوە خۆش نیە..

- (دەمیرتاش ئەو شاعیرە و چیرۆکنووسەی لە زیندانەوە بۆ ئازادەکان ئەنووسێت) بۆ بندەستەکان و ئەوانە دەنوسێت ئازاد نین،هەر لەپێناو ئەوانەشدا لەکونجی زینداندایە کە ئازاد نین.

لەخۆبردوو/ لەخۆبوردو

- بەتشەبەع ، نوسینی هەژار مەجید : کتێبی بەتشەبەع لە نوسینی تۆرگنی لیندگرین،خەبات عارف لە سویدییەوە(سویدی یەوە) وەریگێڕاوە.

- هەرجارەی تابلۆیەکی شێوەکاریً/هەرجارەی تابلۆی شێوەکارێک: تابلۆیەکی هونەرمەند عومەر دەروێش وێنای سەردەمی سالآنی بەر لە حەفتاکاندەکات،کچێک لە نێو درگایەکدا وەستاوە، مەرکانەیەکی ئاو،دو کوپەڵە و سێ کۆتر. ئەو جۆرە درگایە لە کوردەواریدا نەبینراوە وبە کولتوری بیناسازیی ئێمە نامۆیە، ماڵە هەژاریش حەوشەیان کاشیرێژ نەدەکرا و کۆتریش ئەوەندە دوژمنی زۆربو نەیدەوێرا وەها بەدڵنیایی ئاوبخواتەوە.

- (خانمێک لەرۆمانێکی خۆشەویستیدا ناپاکیی پیاوەکەی/یی بۆ ئاشکرادەبێت( رۆمانەکە نوسینی ئوفوک ئوچنا و مزەفەر عەزیز وەریگێڕاوە بۆ کوردیی،بەڵام نازانین لەچ زمانێکەوە کردویەتی بە کوردیی

..) ئەمە رۆمانێکی ئەڤینی بوو)/ ئەمە رۆمانێکی ئەوینداری یە

داگیرکاری/یی، دەسپێئەکات/دەست پێئەکات، خوێندکاری کورد لە ئەوروپالە ساڵی 1956دا بەسەرۆکایەتیی خەباتکاری دێرین عیسمەت شەریف وانلی و دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کورد لە ئەوروپاو هەتا 1974 یش چالاک بو، بەڵام جەلالیی و مەلایی ئەوەشی پەکخست).

(وشەی کۆچبەر..) بە مەزندەی من وشەی پەنابەر گونجاوترە لە کۆچبەر،(..کۆنترین ئاوارەبونیش سەرەتا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بووە) ئەگەر مەبەست لە سەردەمانی دەوڵەتەکانی عوسمانیی و سەفەوی بێت.

ئەوە ژمارە(3)،2ی حوزەیران2018 ئاوارەبون نییە، بەڵکو راگواستنە و لەلایەن ێەفەوی یەکانەوە بۆ سەرسنورەکانی نێوان ئێران و روسیا و هەروەها بۆ هەرێم خۆراسان.لای عوسمانی یەکانیشەوە بۆ باکوری ئەفەریقا بووە. هەزاران ێاڵیش لەوەبەر کۆچ وکۆچڕەو لە ناوچەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسەوە بە3 ئاراستەدا بڵاوبونەتەوە(بۆ زانیاری تەواو لەو رووەوە تکایە بڕوانە(نوری کەریم،پانۆڕامای دێرۆکی دێرین و نوێی کورد 4000 پز - 1975، بەرگی یەکەم،لاپەڕەکانی 32 - 46).

- سەنتەری ئەرشیف ولێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری(یی) کوردستان(+،) کۆڕێکی بۆ یادی 120ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی(یی) لە هانۆڤەر پێشکەش کرد. سەرەتا لوقمان بەرزنجی(بەرزنجەیی) باسی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردیی(کوردستانی نوێ)ی کرد..بەشی دووەمیش بەشیعر خوێندنەوە کۆتایی هات. ئەگەر سەرنج بدەین ئالآیەکی کوردستان هەڵواسراوە بەڵام خۆرەکەی ناوەڕاستی تەنها هەشت تیشکی هەیە، بە پێچەوانەی ئەو ئالآیەی لە دوای راپەڕینەوە بڵاوبۆتەوە و بیست و یەک تیشکی هەیە(وەک هێمایەک بۆ رۆژی21ی مارت و جەژنی نەورۆز).

- کارەساتی وەرگێڕان، تێگەیشتن و ئیدیۆم ! ئیسماعیل حەمە ئەمین (بۆ ئەوەی وێنەیەکی سادە لەمەڕ لێشاوی وەرگێڕانی کوردیتان پێ ببەخشم) ئەوە پێبەخشین نییە،بەرچاوخستنە..

ئەرێ تۆ تێکچوویت!(؟!) ناوەڕۆکی بابەتەکە هەرچۆنێک بێت،چونکە چەند نمونەیەکی نەخستۆتە بەرچاو لەسەر نەشارەزایی و لاوازیی توانای وەرگێڕ، نەک توانای وەرگێڕان. هەر بۆنمونە هەندێک بەکوردی یەکی سەقەت دەنوسن:(مێلورە،قەینا،بەس) ئەو وتارە کۆتایی یەکەی جوانە کە دەڵێت(بەداخم بۆ خوێنەری کورد(بۆکورد،نەک هەر بۆخۆێنەری کورد) لەبازاڕ کالآی چینی و تورکی و ئێرانی(چینیی وتورکیی وئێرانیی) لەش و گەدەی ژەهراوی دەکات و لەکتێبخانەش(کتێب وچاپەمەنی یەکان میدیای بینراو و بیستراو) و وەرگێڕانی خراپ(لاواز) مێشکی ژەهرکردە دەکات(زمانی کوردی یە دروستەکە دەشێوێنێت) وەرگێڕان هونەرە و لە نوسینیش پتر هونەرو قەڵەمی بە بڕشتی گەرەکە.وەرگێڕانی لاواز و بێ سەلیقە وهونەر،هەر زمانێکی رەسەن و پوخت و پاراویش دەشێوێنێت، زەوقی خوێنەریش تێکدەدات.

- وتاری پرد - هیوا خطاط ..چەند نەوەیەک،( کۆمای نایەوێت) لەتاراوگە گەورەبوون() و ئاگایەکی ئوتۆیان لە زمان و بەرهەمەکانی خۆمان نییە و نامۆن پێی،()نەک هەر شیعرو ئەدەبیات بەڵکومێژوومان()..زۆر قەڵەم ئەنوسن و بابەتی هەمەجۆریش،(کە) هەندێکیان ئەیانەوێت ئاڕاستەی نووسین بگۆڕن (چۆن)وەک بڵێی ئەیانەوێت(چی؟) یان هەریەکەو خاوەنی ستایلی تایبەتی() خۆیان بن،یان نووسین بپەڕێننەوە بۆ ئەودیو ئەو ترادیسیۆنەی کە چەند ساڵە هەمانە(.) بڕوانە 6

# هەرجارەی جوامێرێك. لەبارەی كاك بەكر شوانی یەوە كە كوردێكی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرێكی بێ وێنەیە. ئەگەر بوترایە كەم وێنە گونجاوتر بو.

بەر لەهەرشتێک پێویست بو کاک هیوا کە دەیەوێت بە کوردی و کوردانە بنوسین، ئاگاداری نازناوەکەی خۆی بوایە..

ـ ئەدەبی منداڵانی کورد چەند پێویستی بە نوسەری وەک بانوش هەیە؟ نوسینی عەبدولغەنی کاکۆ وتارێکی بەکەڵک ولەچاو هەندێک لەوتارەکانی ئەم چەند ژمارەیەیەد اسەرکەوتووە وتوانیوێتی ئەوەی ویستویەتی بیگەیەنێت . (.. تەنانەت دەتوانم بلێم کەم دایک و باوکی ئەورووپیش() هەن(کە) کتێبەکانی بانوش یان بۆ منداڵەکانیان نەکڕیبێ و نەیانخوێندۆتەوە() دواتر نوسیوێتی .. هەندێ() نوسەر پاش ئەوەی هەست بە فەشەلی() خۆیان دەکەن،() لەبواری نووسین(دا) بۆ گەوران،ئیتر نایانەوێت گۆرشەپانەکە هەروا جێبهێڵن، دێن بۆ منداڵان دەنووسن..

ـ بەڕاست ئەوانەی ئەوروپا شەکرناخۆن؟نوسینی سەردار مەحمو : بابەتێکی بەکەڵکە بەتایبەتی کە دەڵێت (ئەم کاکەیە چۆن ئەوەندە بە جورئەتەوە دەڵێت: لە ئەمەریکاو ئەوروپا(+، )خەڵک بەیەکجاری شەکریان تەرک کردووە..)کاک سەردار دەڵێت(من هیچ شتێک لەبارەی گوبە وە نازانم..) بەڕاستی بیرم بۆ گب وعلم ڕلگب،تۆ بڵێ کاکە مەبەستی لە پزیشکی یە!

ـ بەتەشبەع،نوسینی هەژار مەجید لەسەر کتێبی بەتەشبەع نوسینی تۆرگنی لیدگرین و خەبات عارف لە سویدییەوە(سویدی یەوە)وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. روداوەکە بریتییە لەوەی داود پێغەمبەر عاشقی بەتەشبەع دەبێت، مێردەکەی دەخەسەنێت و دەینێرێتە بەرەکانی جەنگ و لە شەڕێکدا دەکوژرێت.گوایە داود ئەو هەردو تاوانەکەش پیرۆزدەکات(بەتەشبەع لەناو خۆی دایە،بیردەکاتەوە و داڵغە لێ ئەداو پێغەمبەرێتەکەی داودی بەدڵ نییە ە پێی قبوڵ نییە.. بەتەشبەع یاخی بوونی(یاخیبونی) بەردەوامە دژی پیرۆزی(پیرۆزیی) و دەسەڵات..گیچڕانەوەی چیرۆکی زوڵم لە خودا،خودایەک کەبەدەست مرۆڤەکانەوە گیری خواردوە(گیریخواردووە) و هەرچی ئەکرێ بەناوی ئەوەوە ئەکرێ، گێڕانەوەی چلێسی سێکسی(چلێسی سێکسیی)پێغەمبەرانە،گێڕانەوەی پیرۆزکردنی چلێسییەکانە(چلێسی یەکانە) ژمارە/4 ،15ی تەموز2018

ژ/4 ئەم وشە عەرەبیانەشی زۆر بەزەقیی تێدادەردەکەوێت : تەقلیدی، زەحمەت،مەسەلە،ئیمکانیات

ـ لە ئەم ژمارەیەدا گۆشەی گوتەی تاراوگە بووە بە سەروتاری تاراوگە (سەر وتار، نەک سەروتاری تاراوگە یاوتاری تاراوگە گونجاوترە (

ـ سەروتار: ئاستەنگەکانی ڕێگەی بەردەوامیی و گەشەکردنی(تاراوگە) کە سەردار بەبڕواو هیواوە چاوێکی لەسەر پێداویستی یەکانی چاپ و پەخشکردنی بڵاوکراوەیەکی کۆرپە(ئەگەرچی بەچاپی ئەلەکترۆنیش بێت)وەک کۆکردنەوە یاهەڵبژاردنی بابەت و چاوێکیشی لەسەر چۆنێتی ئامادەکردن و مۆنتاژکردنی بابەتەکان و دیزاینکردنی لاپەڕەکان و بەتایبەتیش لاپەڕەی یەکەم. ئەمە جگە لە تەنیابالْیی و تەرخانکردنی کاتی پێویست گونجاندنی لەگەڵ ئەرک و بەرپرسیارێتی خیزان و هەشت کاژێر کاری رۆژانە.کاک سەردار فەتاح ناسکە گلەیی یەکیش دەکات(ناردنی نوسین لەلایەن نوسەرانەوە دەستی پێوەگیراوە و ئەوەی خۆمان لەملاولا(لە ئەملاو ئەولا)بەدوایدا نەگەڕێین، نەمانتوانیوە وا لە نوسەران بکەین ئاوڕمان لێ بدەنەوە(لێبدەنەوە).

ـ سەنتەری ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری(یی) کوردستان(کورد) و ساڵیادی رۆژی رۆژنامەگەریی لەهانۆڤەر ـ ئیسماعیل تەنیا، بابەتێکی هەواڵگەیاندنە لەسەر چالاکیەکی کولتوریی لەدەرەوەی کوردستان و ناساندنی مۆزەخانەی ئەرشیف ولێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەریی کورد کە جەمال خەزنەدار سەرۆکێتی.

ـ هەرجارەی جوامێرێک(نوسینی تاراوگە خۆیەتی) لەبارەی کاک بەکر شوانی یەوە کە کوردێکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرێکی بێ وێنەیە. لێرەدا لەتەک رێزو خۆشەویستیم بۆ هاوڕێمان کاک بەکر شوانی دەڵێم هەرچەند ئەم جۆرە نوسەرانە کار و چالاکیی و بەرهەمەکانیان بەرز بنرخێنین هاودەنگم، تەنها لەوەدا نەبێت کە کاک بەکر لە دڵسۆزیی ونیشتیمانپەروەریدا بێ وێنەبێت. ئەگەر بوترایە کەم وێنە هێشتا گونجاوتر بو.

ـ یاداشتە پەڕاگەندەکان، نوسینی سەردار مەحمو

1ـ ئەسینا: کاک سەردار بەسەرهاتێکی قشتیلەی خۆی و حەمەدە لەنگ ی هاوڕێی دەگێڕێتەوە،جوانی نوسیوە و خوێنەر چێژی لێدەکات و بەچاوی وێناکردن و فەنتازیا روداوەکان دەبینین.شارەزایانەش ریشەی هەردو وشەناوی(پێڵاو) و (کڵاو) ی ساغکردۆتەوە کە دەچنەوە سەر پێ ئاڵاو(پارچە چەرمێک بە ئاڵاندنی پەتێکەوە بە پێ وە توندکراوە. کڵاویش وشەیەکی لێکدراوە لە(کەلە/کەللە) و(ئاڵاو) بەواتای ئەو پۆشاکەی لە کەللە ئاڵاوە یا ئاڵێندراوە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کاک سەردار مەحمو بە ناوەکەیدا کوردی ئەمدیوە و بە هەندێک دەربڕینیشدا کوردی ئەودیوە و گلەیی لێناکرێت ئەگەر دو وشەی(خەتەریات و هاکەزایی) بەکاربردووە.

ـ ئایا بۆ کرواتیەکان() کە خەڵکانێکی ئەورووپین() خۆیان بۆ کورد و کوردستان دەگەڕێننەوە؟ نوسینی سۆران حەمە رەش.

ـ سیندرۆم ـ عومەر رەسوڵ.وتارێکی باشە بۆ ناساندنی گروپێک لە ئەندامانی کۆمەلڕ کە ناسراون بە سێندروم یا مەنگۆلیی.نوسەر بانگەوازێکی دڵسۆزانە دەکات بۆ هاوکاریی و بەدەنگەوەهاتنی ئەو گرۆپەو هاندانیان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریی.

ژمار(ە) ، 27ی تەموز2018

ـ شاعیر و وەرگێر کاوە نەمر لەباکورەوە گەیشتە هۆڵەندا،بڕیاریدا نوسینەکانی لێرە بڵاوبکاتەوە ..نوسەری کوردی باکور (نوسەرێکی کوردی باکور)کاوە نەمر بڕیاریدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی(ئەحمەدی خانی) لەهۆڵەندا دابمەزرێنێت.. کتێبخانەیەکی عەرەبی(یی) لە ئەمستردام کۆڕێکی ئەدەبی(یی) بۆ نوسەران وشاعیران و وەرگێرەکانی (دیارە بۆ بەشێک لە نوسەران و شاعیران و وەرگێڕەکانی) رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدا سازکرابو..نوسەر(دەڵێت باوکی یەکەمین مامۆستای بووە بۆ فێربونی کورمانجی.) نوسەر پتر لە100کتێبی وەرگێڕاوە و28یانی بڵاوکردۆتەوە.یەکێک لە پرۆژە سەرکەوتووەکانی کاوە نەمر،وەرگێڕانی هاملێت و نمایشکردنی بو لەسەرشانۆ لە کوردستان، تورکیا و ئەوروپا لەلایەن تیپی(راست)ی هۆڵەندیی و شانۆی دیاربەکر(ئامەد) لەنێوان ساڵانی 2012 و2013ەوە.ئەوەی سەرنج رادەکێشێ(+ئەوەیە) (ئەوەی کاوە وەریاندەگێڕێ لەو کارە چاوەڕوانکراوانە نییە کە خوێنەر بەدوایاندا دەگەڕێت. ئەو لە رێی وەرگێڕانەکانییەوە(+، )وشەو دەستەواژە (دەستەوشە)ی کوردی(یی) نوێ دەهێنێتە ئاراوە(،ناوێت) بۆ فراوانکردنی زمانی کوردی (بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیی).

ماوێتی

# چالاکی ڕێکخراوە کوردییەکان لە تاراوگە

## نەورۆز لەئامێزی کوردانی تاراوگەدا
## لەوڵاتی گوڵ لە هۆڵەندا



ڕێکخراوی چەپک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی ئۆفیسی هۆڵەندا، لە چالاکیەکیدا نەورۆزی پرشکۆدار تر کرد، بەئاوێزان بوونی کوردانی نیشتەجێی شاری ئارنهێمی هۆڵەندا و دەوروبەری.

سەرەتا بەدەقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانیڕاپەرینە مەزنەکانی بەهاری ئازادی و تەواوی شەهیدانی کوردستان، پاشانگووتاری هاوبەشی ڕێکخراوی چەپک و ڕێکخراوی دابین و ڕێکخراوی لاوانی سۆشیال دیموکراتی کورد و نوێنەرایەتی ئەوروپایی سەنتەری میترۆ، لەلایەن شاخەوان ئەکرەم دوکانی سکرتێری ڕێکخراوی چەپک خوێنرایەوە و پیرۆزبایی لە ئامادەبووان کرد. پاش تیشکخستنە سەر یادەکان لە تاراوگە، ئاماژەی بەوەدا، کە پێویستە نەورۆز و ڕاپەرین و یادە نیستمانییەکانیی دیکەی گەلەکەمان بەباشترین شێوازی مەدەنی یادبکرێتەوە تا لای منداڵان و لاوانی نەتەوەکەمان لە تاراوگە زیندوو بمێنێتەوە و کاڵ نەبنەوە، هەروەها هیوای خواست تەواوی پارت و حیزبەکانی کوردستان، پێکەوە حکومەتی بنکەفراوان و پێکەوە ژیان و کارکردن و یەکترقبوڵکردن بکەنە دەستپێکی بەهاری ئازادی. لە تەورەیەکی دیکەدا ناوخاس نەزەری ئەندامی لیژنەی ئۆفیسی هۆڵەندای ڕێکخراوی چەپک شیکارێکی جوانی بۆ مانای نەورۆز لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا کرد و بەزمانی هۆڵەندی پیرۆزبایی لە ئامادەبووان کرد. دواتر بەشێک لەئامادەبووان ڕاوسەرنج و تێبینیان دەربارەی نەورۆز و یادەکان دەربڕی. پاش ئەوەش بەهەڵپەڕکێی کوردیی و بەدەنگەخۆشەکەی پشکۆ مستەفا و موزیکیسان سەهەند چەند کاتژمێرێک پێکەوە گوێیان لە گۆرانی و موزیکی کوردی و هەڵپەرکێی خۆشی و شادی خۆیان دەربڕی.

ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی چەپک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی_هۆڵەندا

## شانۆی بێسنور پێی نایە
## بیست و پێنجەمین ساڵەی تەمەنی هونەریەوە




بۆ ڕێزلێنان لەم بۆنەیە، شانۆی بێسنور ڕۆژی 14-4-2019 پڕۆژەیەکی کەلتوریی بە ناونیشانی (بیست و پێنج مۆم) لە شاری ئەپڵدۆرن نمایش دەکات. ئەم پڕۆژەیە تێکهەڵکێشێکە، لە چەندەها چالاکی جۆراو جۆر، پڕۆژەکە نیشاندانی کەلتوری هەمەڕەنگ و بێسنورە لە نێوان کەلتوری گەلاندا. یەکێک لە چالاکییەکانی تری ئەم پڕۆژەیە شانۆگەریەکە بە ناونیشانی (داوای ئێمە)، لەبیرۆکە و نوسینیی (باکۆ سۆرانی) و دەرهێنانی (خاتوو ئێڵزە لۆتە)ە...مۆسیقای حەمە بەکری کلارنێت. نواندنی کۆمەڵێک ئەکتەری هۆڵەندایی و کورد و نەتەوە جیاوازەکانی دیکە. چیرۆکی ئەم کارە باس لە کۆمەڵێک کەسی جیاجیا دەکات، کە لە نەخۆشخانەیەکی دەروونیدا ژیان بەسەر دەبەن، چیرۆکی هەریەکەشیان کۆمەڵێک چیرۆکی تایبەتمەندە، کە پێکەوە چیرۆکێکی بەکۆمەڵی دەنەخشێنێت، بێهیوایی و ڕەشبینی کەسەکان کێشەی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە، تاکەسێک بەناوی (لیڤ) کە واتاکەی خۆشەویستیە، دێتە ناو چیرۆکەوە، لیڤ کارەکتەرێکی بێدەنگە، بێدەنگی ئەم کەسەکان فێری نزیکبوونەوە لەخۆیان دەکات، بۆیە هەمووان فێری جۆرە شۆڕشێکی نۆێ دەبن، کە ئەویش شۆڕشی بێدەنگییە. وا بڕیارە ئەم بەرهەمە لەچەند جێگایەکی جیاواز لە هۆڵەندا پێشکەش بکرێت، بەڵام بۆ یەکەم جار لە هۆڵی (خیخانت) لەشاری ئاپڵدۆرن پێشکەش دەکرێت.





## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## سوعاد ستار

مامۆستا سوعاد ستار ساڵی 1953 لە شاری کەرکوک لە باشوری کوردستان لەدایک بووە، دەرچووی ساڵی 1973-1977 ی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدادیە.

مامۆستای پەیمانگای هونەرجوانەکانی سلێمانی بووە، لە نێوان ساڵانی 1978-1997 دا. ساڵی 1977 پێشەنگای هاوبەشی لەشاری کەرکوک لەگەڵ هونەرمەندان عەباس عەلی و ئەنوەر عەبدولڕەحماندا کردۆتەوە. یەکەم پێشەنگای تایبەتی خۆی لە شاری کەرکوک لە ساڵی 1978 کردۆتەوە. ساڵی 1979 بەشداری لە پێشەنگای هاوبەشی شاری کەرکوکدا کردووە لەگەڵ فاروق فایەق. ساڵی 1981 بەشداری لە پێشەنگای هاوبەشی شاری کەرکوکدا کردووە لەگەڵ کامیل شەمعون. ساڵی 1983 بەشداری لە پێشەنگای هاوبەشی هونەرمەندانی شێوەکاری شاری سلێمانیدا کردووە. ساڵی 1985 لەگەڵ هونەرمەند ئاری باباندا بەشداری پێشەنگای شێوەکاری کردووە لە کەرکوک و هەروەها ساڵی 1988 بە هەمان شێوە لەگەڵ ئاری باباندا لە سلێمانی لە سلێمانی کردۆتەوە، پاش ئاوارەبوونیشی بۆ هەندەران لە زۆربەی پێشەنگا شێوەکارییەکانی هوڵەندا و وڵاتانی دیکە بەشداری کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم دوو لینکە:

https://suaad.exto.nl/

https://www.facebook.com/suaad.sattar/photos?lst=100001818168085%3A100006548311187%3A1554076855















# تـــاراوگـــه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807